# ڕەخنەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد(١)

## زامدار ئەحمەد

مەســـعوود محەمـــمەد (١٩١٩-٢٠٠٢) یەکـــێکە لە بیرمەنـــد و نووســـەرە دیارەکـــانی کوردســـتان، جـــێ پەنـــجەی لە نێو کتێبخانەی کوردی و عەرەبی دیارە، لەسەر بابەتی مێژوویی، زمانەوانی، ئەدەب و هزر و فەلسەفە و قسەکردن سەبارەت بە زۆر بابەتی دیکە، نووسینی بەشێوەی کتێب و وتار بڵاوکردۆتەوە. بە گەواهیدانی زۆربەی پەیجور و نووسەر و کەسانی خاوەن هزر، قسەکردن و نووسین لەسەر مەسعوود محەممەد کارێکی سانا نییە، بەڵکو تاقەت پڕوکێنە و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە و دەبێ زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ نووسینەکانیدا بکرێت.

لە ئێستادا، بیست و سێ کتێبی مەسعوود محەممەد لە کتێبخانەی کوردیدا، بەرچاو دەکەوێت، کە حەوت کتێبیان لە زمانی عەرەبییەوە لەلایەن حەکیم کاکەوەیسەوە وەرگێردراوە و ٤٨ گوتاری بەردەستە و ١٤ کتێبی لەبارەیەوە نووسراوە، دیدار و کۆنفرانسی لەبارەیەوە ئەنجام دراوە، دواهەمینییان کۆنفرانسی نێودەوڵەتی مەسعوود محەممەد بوو، لە زانکۆی کۆیە، کە ٢٨ توێژینەوەی ئەکادیمی لەبارەی نووسین و هزر و بیرکردنەوەی ناوبراو ئەنجام درابوو.

یەکێک لەو بابەتانەی کە مەسعوودی محەممەدی زۆر پێناسراوە، بابەتی هزریی فەلسەفی بووە، بەتایبەت لەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبی مرۆڤ و دەوروبەری بە سێ بەرگ، هەڵبەتە هەموو کەسێک توانای خوێندنەوە و تێگەیشتنی بەرهەمە فەلسەفی و هزرییەکانی نییە، بەڵکو خوێنەرانی ڕێژەیەکی دیاریکراوە. ئەو کتێبانەی مەسعوود محەممەد کە باسی هزر و فەلسەفە دەکات ئەمانەن (مرۆڤ و دەوروبەر/سێ بەرگ، هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، بۆ ئەمیری حەسەن پور لە هەرکوێیەک بێ، سەرنجێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، بۆ کۆرباتشۆڤ، پەرەسترۆریکای گۆرباشۆڤ، لە پەرۆشیەکانی ژیان، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟)

لەم نووسینەدا، باس لە ڕەخنەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد دەکەین و فەتواکەی مەلای خەتێ بە نموونە وەردەگرین.

**ڕووخانی میرنشینی سۆران و فەتواکەی مەلای خەتێ[١]**

میرنشینی سۆران، دەسەڵاتیان لە ناوچەی ڕەواندز هەبوو، لە سەردەمی میر محەممەد[٢] سنوور و دەسەڵاتی میرنشینەکە زۆر فراوان بووە، بەشێوەیەک هەریەک لە ناوچەکانی ئامێدی، زاخۆ، ئاکرێ، کۆیە، ڕانیە، جزیرە ماردین و پردێ (ئاڵتون کۆپری) لە سنووری میرنشینی سۆراندا بوو، تەنانەت سنووری ئەم میرنشینە گەیشتۆتە نزیک کەرکووک[٣] لەسەردەمی پاشای کۆرە، مەلای خەتێ دەکرێتە کەسێکی ئایینی و فتوادەری میرنشینەکە. بەڵام ئەوەی زۆر قسەی لەسەر دەکرێ و بۆچوونی جیاوازی لەنێوان مێژوونووسان هێناوەتە ئاراوە، فەتواکەی مەلای خەتێ-یە، لەکاتی هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر میرنشینی سۆران، بە مەبەستی لەناوبردنییان، لەوکاتەدا لە ئاکرێ نامەیەک بۆ سەرانی میرنشینی سۆران دەنێرن و دەڵێن: شەڕی خەلیفەی موسوڵمانان نەکا[٤] هەروەها تێیدا هاتووە (بەشەرت و عەهد و میساق و پەیمانی خولەفایانی ڕاشیدین بێت، کە لەگەڵ موسوڵمانان کردوویانە، ئەمینت دەکەم کە هەر شتێکی ئێوە پێتان ناخۆش بێت، لە هەقتاندا ئیجرا ناکەم و هیچ بێ دڵی و ناگوزارێکی لە ئێوە خۆش نەبێت، لە ئێمەوە

---

(١) ئەم وتارە لە لاپەڕە ٢٠ تا ٢٣ی گۆڤاری بەیان (گۆڤارێکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی)، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ساڵی ١٣٩٧ بڵاوکراوەتەوە.

بۆ ئێوە ڕوونادات، ئارەزووومان هەر ئەوەندەیە کە ئێوە بکەونە ژێر سێبەری (زیلّولّلا)، ئەمیری موئمینین کە زاتی ئەقدەسی شاهانەیە، ئەوجا لە هەمموو بەڵایەک ڕزگار دەبن، لە دنیا و ئاخیرەتدا بە ئاسوودەیی و کەیف خۆشی دەژین، شەهد و عەقدێکی خەلافەتی ئیسلامی لەگەڵ ئومەڕایانی ئیسلامی کردووە، ئەمنیش ئەو پەیمانەتان لەگەڵ گرێدەدەم کە ئەمین بن و نەترسێن، ئەمن بە شەفەقەت و عەدالەت ئێوە وەکوو ئەولادی خۆم، لەژێر باڵی مەرحەمەتدا بەخێو دەکەم و بە نیشان و خەڵات فەرمانی میری میرانی ئەمارەتی سۆرانتان بۆ تەسدیق دەکەم، هەر چییەکت بوێت و هەر پێویستیەکت ڕووبدا دەیدەم، لە هەموو تەنگانەیەک یارمەتیتان دەکەم و بەسەر دوژمنتاندا زاڵ دەکەم، ئەوانیش لەدوای هاتنتان بۆ بابی عالی دەکەوێتە ئیجرائاتەوە)[١] لەدوای ئەوە مەلای خەتێ نامەکەی بە ناو لەشکری میرنشیندا بڵاوکردەوە، ئەو فەتوایەی کە گوتبووی: هەرکەس لە فەرمانی خەلیفە دەرچێ تەڵاقی دەکەوێ و خوێن و ماڵی بۆ موسوڵمانان حەڵاڵە[٢]. لەدواتردا، بەشێک لە مێژوونووسان، ڕەخنە لە مەلای خەتێ دەگرن و بە خیانەت تۆمەتباری دەکەن، چونکە فەتوایەکی لەمشێوەیەی داوە، کە دوور بووە لە هەستی نەتەوایەتی و بیرکردنەوەی کوردانە، کە لەکۆتاییدا بۆتە هۆی گۆڕینی بیروبۆچوونی پاشای کوێرە و لاوازبوونی دەروونی خەڵکەکەی و خۆ تەسمیل کردنیان بە عوسمانییەکان. لەدوای ئەمە مەلای خەتێ بۆ ماوەی نزیکەی شەش ساڵ لە ڕەواندوز دەمێنێتەوە، ئەوسا دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی کە خەتێ-یە، ئەمەش بە ئارەزووی خۆی بووە، نەک زۆرە ملێ[٣].

یەکێک لەو مێژوونووسانەی کە بۆیەکەمجار ئەم فەتوایەی مەلای خەتێی لە کتێبی مێژووی میرانی سۆران بەم شێوەیە بڵاوکردۆتەوە، حوسێن حوزنی موکریانی[٤] بووە، لەڕاستیدا موکریانی لە دوای هەشتا و حەوت ساڵ لەدوای مردنی پاشای کوێرە چۆتە ڕەواندوز. لەوکاتەشدا بنەماڵەی مەلای خەتێ لە ڕەواندوز ناسراون، لەبەرئەوە پارچە زەوییەکی بەراو بە کاتی دەدەنە موکریانی، لەو کاتەشدا موکریانی سەرقاڵی نووسینی کتێبی مێژووی میری سۆرانە، لەوسەروبەندەدا پێوەندی بنەماڵەی مەلای خەتێ و موکریانی تێکدەچێ، لەبەرئەوە دەیەوێ لە ڕێگەی نووسینەکەیەوە تۆڵە و ڕک و کینە کۆمەڵایەتییەکە بە نووسین بڵاوبکاتەوە. تەنانەت بە موکریانی وتراوە سەرچاوەی نووسینەکانت چییە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی گرنگ نییە، سەرچاوەی من کێیە، گرنگ ئەوەیە لە داهاتوودا دەبمە سەرچاوە بۆ خەڵکی[٥]. ئەڵبەتە، ئەوانەی لەسەر مەلای خەتێ قسە دەکەن و دەنووسن، بەسەر دووبەرەدا دابەشبوون، نووسەران و مێژوونووسانی عەرەب و تورک و فارس و کورد، بەشێکیان مەلای خەتێ بە کەسێکی خیانەتکار و بەشەکەی تر بە کەسێکی پاکی وەسفدەکەن. ئەوانەی بە خیانەتکاری دەزانن، پشت بەو نووسینەی موکریانی دەبەستن، ئەگەرچی لەلایەن ژمارەیەک لە مێژوونووسان وەڵامی ئەو نووسینەی حوسێن حوزنی موکریانی دراوەتەوە و بە ناڕاستی لە قەڵەمدەدەن.

**بۆچوونی مەسعوود محەممەد، لەمەڕ فەتواکەی مەلای خەتێ:**

وەکوو ئاماژەمان پێکرد، ژمارەیەک لە مێژوونووسان قسەیان لەسەر ئەو فەتوایە کردووە، لەم نێوەندەشدا مەسعوود محەممەد بەشێوەیەکی ورد و لە زۆر نووسینی جیاجیادا وەڵامی کۆی گشتی ئەو بۆچوونانەی موکریانی داوەتەوە، چونکە بڕوای وابووە پێویستە هەقیقەت و ڕاستییەکان بخرێنەڕوو، ئەڵبەتە مەبەستی لەمە بەرگریکردن لە مەلای خەتێ نەبووە، بەڵکو ویستوویەتی دادوەری نیشانبدات. لەمبارەیەوە خۆیشی دەڵێ: بۆ میحرابی خەتێی زانا دەگەڕێمەوە ڕێیەکم گرتۆتە بەر، ئەو ڕێگایەش ئاسان نییە، کە بۆ بەرگریکردنی دادپەروەرانە لە بۆچوونی بەرپەچدراو قسەی لەسەر دەکەم[١] و ئەوەی منیش دەیکەم غەیری دەست خاوێنێ مێژوویی هیچی تر نییە[٢] لێرەدا بەشێوەی خاڵبەندی قسەکانی مەسعوود محەممەد سەبارەت بە فەتواکەی مەلای خەتێ دەخەینە بەرباس.

یەکەم: کاتێک میرنشینی سۆران لەناوچوو و ئیمارەتی پاشا کوێرە هەڵوەشایەوە، لەم نێوەندەدا مەلای خەتێ زەرەربەخش بوو، چونکە، لەدوای ئەو بارودۆخە لە حاڵوباری مەلا دوای بەسەرچوونی حاکمایەتیی ئەمیر (بەچەند ساڵێک) گەڕاوەتەوە بۆ دێی خۆی و دەرسی فەقێیان، بەمەشدا یەک لە پاڵپشتە زلە وەهمییەکان دەڕمێت کە تەحلیلی فەتواکەی پێ دەکەن، نەک بە پەرۆشی بۆ چاکەی خەڵق و خوا چونکە وا چاوەڕوان دەکرێت خاوەن فەتوا پاداشتێک وەربگرێت ئەگەر چ ئومێدێکی دنیایی لە دڵدا بووبێت ئەرکی سەرشانی سووک بکات. هەروەها پێویستە بزانرێ کە هیچ یەکێک لە مەلاکانی کورد نەبووە بەو شکۆیەی دنیایی و ئەو پایە مەعنەوییە گەیشتبێت کە مەلای خەتێ بە درێژایی بیست ساڵ لە حوکمی پاشادا بە پێشەوایی دینەوە پێی گەیشتبوو[٣].

دووەم: لەسەرەتای دانانی مەلای خەتێ بە (باش مەلا) و مەرجەعیەتی دینی لە قەڵەمڕەوی پاشای کوێرەدا لە میرنشینی سۆران، ڕێککەوتن و پەیمانێکی بنجی و سەرەتایی هەبووە، بۆ دەست نەخستنە نێو کاروباری یەکترەوە، کە هەریەکەیان لە مەیدانی خۆیدا ئازادبێ و سنوور و پەرژینی لێ نەشکێ. هەر لەبەر ئەم ڕێککەوتنە بووە مەلای خەتێ بێ دەنگ بووە لە ڕووی کردەوەی پاشا و دەستووپاوەندەکانی لە هەڵسووڕاندنی کاری حوکمڕانی کەوا گەلێک جاران چ خزمایەتێی نەبووە لەگەڵ فەرمانی قورئان حەدیس و شەریعەت. پیاوێکی وەک پاشای کوێرە هەرچەندە خزمەتی مەلایانیشی کردووە و گەشەی داوە بە خوێندن لە مزگەوتەکان جارەها کاری وای کردووە نەک هەر ئاین بەڵکوو کوێرە ئینسافیش لێی نەسەلماندووە، بەڵام بەلای خۆیەوە پێویست بوو بۆ سوودی

حکومەتەکەی وەک پاشای کۆرە هەموو حاکمێکی تریش بێ ئینسافی و دڕندەش کردووە هەر کاتێک بە پێویستی زانیبێ، چەند حاکمێک نەبێ لە درێژایی مێژوودا کە ژمارەیان لە پەنجەی دەستان تێناپەڕێ[٤].

سێیەم: ئەگەر مەحاڵ بۆ ئەوە بێنینەوە و بڵێین میر نەیتوانیوە بە ئاشکرا لەڕووی خەتێ بوەستێ، ئەی نەیدەتوانی پلانی لەناوبردنی بەجۆرێ لە جۆرەکان دابنێ و بەشێوەیەک لە شێوەکان بیفەوتێنێ ئەگەر میر توانای تێکشکاندنی لەشکری سوڵتانی بووبێ، وەک ئەوانەی مافی ئەو فەتوایە لە خەتێ دەسەننەوە لەسەر ئەوە سوورن کە خیانەتکاری کرێگرتە بووە، باسی دەکەن ئەی چاو ساغەکەی میر کوێر ببوو تا ئەو خیانەتە ئاشکرایە نەبینێ هەوڵێکی ڕەحمانی یا شەیتانی بۆ دەربازبوونی ئیمارەتەکەی لەو جۆڵاییکەر-هەشتپێ بێ لاقە بدا؟[٥] هەروەها ئێمە دەیزانین پاشای کۆرە لە حوکمرانیی خۆیدا دەستی نە پاراستووە لە کوشتن، یەکێک بووبێتە هۆی بێ هێزیی حکومەتەکەی وەیا ئەو گومانەی لێ کردبێ کوشتووەتی. بەر لە هەموو خەڵق مامەکانی خۆی کوشتوون. دەوجا پیاوێکی وا رژد لە سەر پاراستنی دەسەڵاتەکەی چۆن بێدەنگ و دەستپاچە رادەوەستێ لە ئاست مەلای خەتێ کە خەریک بێ کارێکی وا بکا کە تەخت و تاجی لێ تێک دا؟[٦].

چوارەم: موکریانی لە کتێبەکەیدا باسی چەند شەرێکی خوێناوی دەکا کەپێش گردبوونەوەی سوپای عوسمانی لە نزیک ڕەواندوز ڕوویانداوە، دەبێ لەسەرەتاوە لەو فەتوایە تێبگەین کە پێش فەتواکەی خەتێ لە ئارادابووە و لەهەموو شەرەکانیشدا سوپاکەی میر لە دژی سوڵتانی موسوڵمانان شەری کردووە، ئەگەر بەرەوڕووبونەوەی سوپای سوڵتان هۆکاری کافر بوون و تەڵاق کەوتن بووبێ، ئەگەر خەتێ باوەڕی پێی بووە و لەسەری سوور بووە، بۆچی لە هەموو شەڕ و هەرایەی کە پێشتر ڕوویانداوە هەموو جارێکیش لەشکری عوسمانییەکان تێکدەشکا، لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستی شەرعی لە ئارادابووە، فەتواکەی دەرنەکردووە و چەند مانگ کڕ بوو تا ئاگر لە لانکەی شێرەکە نزیک کەوتەوە[١].

پێنجەم: مەلای خەتێ بەشێوەیەکی باش شارەزایی خوێنڕێژیی پاشای کۆرە بووە، کەوایە کاتێک ئەو فەتوایەی داوە چۆن هەڵنەهات بۆ جێگایێک خۆی تێدا بپارێزێ تا ئەو کاتەی ئیشی پاشا یەکلایی دەبێ؟ یاخود با بڵێین دەبوا لە پێشەوە مەلا پەنا ببا بۆ جێگەیێک کە لە دەسەڵاتی پاشا بەدەر بێ ئەوسا فەتواکەی بڵاوکاتەوە. وەک دەزانین نە پاشا مەلای کوشت و نە مەلاش ترسا لە کوشتن چونکە فەتواکەی لەسەر ئارەزوو و پەسەندکردنی پاشا بووە[٢].

شەشەم: مەلای خەتێ یەکێک نەبووە لەو سەرکێشانەی لە پێناو ساماندا یا بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووی سەرکێشی، خۆی بخاتە مەترسییەوە چونکە، جگە لە لێهاتوویی کە بەناو دەق و پەراوێزدا ئەمسەری دەکرد و سیواکێک کە دوای خواردن و پێش نووستن و سەڵاوات ددانی پێ پاک دەکردەوە، کەرەسەی ململانێ و دەمەتەقێی نەبوو و لە تەمەنێکیشدا نەبوو لەسەرەتای لاوێتیدا بێ و لە پێناو ملکی دونیا ئاواتی هێند بەرین بێ و ئایینی بۆ بەکاربێنێ. ئەوە جگە لەوەی کە فەتواکەی خۆی لە خۆیدا هەرەسی بە ئاواتی سامانی دنیا دێنێ[١].

حەوتەم: دەڵێن گوایە مەلای خەتێ لەبەر باوەڕی ئاینی خۆی کە نایسەلمێنێ موسوڵمان لە دژی خەلیفەی ئیسلام چەک هەڵگرێ، فەتوای دا بە کافر بوونی هەر کوردێک شەڕ بکا لەگەڵ لەشکری عوسمانی کە ئەوسا بە دەوڵەتی ئیسلام دەزانرا و پاشایان لە قەبی خەلیفەی پێوە بوو، گۆیا ئەو فەتوایە بوو لە شکری میری ڕەواندزێی لە شەڕکردن وەستاندووە و چەکی پێ فڕێ داوە و بە وەدا میری ڕەواندز ناچار بووە بە تەسلیم بوون و حکومەتی لێ تێک چووە. مەسعوود محەممەد لێرەدا هەڵوەستێکی دینی لە تەک داخوازی و پێویستیی هەڵوەستی قەومی و هەم بۆ مەبەستی (جدل) بە نموونە دەهێنێتەوە، کە وا مەلای خەتێ ئەو فەتوایەی دابێ، دووریش نابینێ لە حاڵی وەهادا مەلاییێک کورد بێ غەیری کورد بێ فەتوا بدا بە کافر بوونی پیاوی یاخی لە دژی خەلیفەی ئیسلام، دەنا ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە و لەبەر ئەوە نەبێ کە فەتواکەی مەلای خەتێ زۆر بەسەر زمانانەوەیە[٣].

هەشتەم: سەبارەت بە حاجی قادری کۆیی قسەدەکات، چونکە لە کاتی دەرچوونی فەتواکەی مەلای خەتێ تەمەنی حاجی بەلای کەمەوە دوازدە ساڵ بووە، بۆشی ڕێککەوت لە مەدرەسەی مەلای خەتێ بخوێنێ کە دەوری بیست ساڵێک بەسەر فەتواکەی تێپەڕبوو. بەو پێیە حاجی قادر لە دەمی ئەو پەژارەیەدا ژیاوە و لە هەواری هەڵمشتووە بە نشینگاکانیدا گەڕاوە و لای خاوەنی خوێندوویەتی[٤] هەندێ لەوانەی بە مێژوودا ڕۆچوون پێیان وایە دژی ئیمارەتی محەممەد کۆر پاشای ڕەواندوز بووە و گوایە فەتوای داوە شەرکردن لە دژی خەلیفە حەرامە و بەوە پاشاگەردانی کەوتۆتە ڕیزی سەربازەکانی پاشاوە و لە ئەنجامدا دەسەڵاتەکەی هەرەسی هێناوە. مەسعوود محەممەد دەڵێ خۆ ئەگەر خەتێ کارێکی وای کردبێ و دوایش چارەنووس حاجی قادری بۆ خوێندن بردبێتە لای و لە نێزیکەوە ئاشنای کاروباری بووبێ، هەر دەبوو لە شیعرەکانی نیوەی دووەمی تەمەنیدا، کە هۆشی بەرەو نەتەوایەتی کرابۆوە و چاکە و خراپەی تێدەگەیشت، باسی کردبا. ئاخر هیچ شتێکی زەرەربەخش و سوودبەخشی لە بواری نەتەوایەتیدا نەهێشتۆتەوە بە هەڵنان یا ریسوایی باسی نەکا و دیوانەکەی کە بۆنی ئەو وەهمەی تێدا نییە خەتێی زانای پێ تۆمەتبار بکا یا زەمی بکا[١].

نۆیەم: مەسعوود محەممەد قسەیێکی لەمبارەیەوە پێگەیشتوە، کە هیچ پێوەندییێکی خزمایەتی وەیا دۆستایەتیی بە بنەماڵەی مەلای خەتێ-وە نییە، بە پێچەوانە لەلایەن مەشرەبی (تصوف)ەوە دەبێ بە ناحەزی مەلای خەتێش بژمێررێ سەرەڕای بێ پێوەندی

چ سوودێکیش پێ ناگەیەنێ نە لە ئێستاکە و نە لە دوا ڕۆژدا لەو سووده بەولاوە کە ناوەناوە دووچاری دەمەتەقەی بکا لەگەڵ ئەو کەسانەی مەلای خەتێ تاوانبار دەکەن. قسەکە کە هی لایەنگیری و خزمایەتی و سوودی شەخسی نییە، لە ناوچەیێکیشەوە هەڵستاوە شارەزایە لە ڕووداوەکانی سەردەمی پاشای کۆرە لە ڕەواندوز، ئەم گوتەیە ئینکاری فەتواکەی ناکا، بەڵام دەڵێ لەسەر خواهشتی پاشای کۆرە دەرچووە نەک لە دڕی. واتە مەلای خەتێ بە پێی بەرژەوەندێک کە پاشا خۆی ڕەچاوی کردووە بۆ ئەوە هەم وڵاتەکە وێران نەبێ و هەم ئابڕوو نەتکێ بە پەلە دواکات فەتوای ڕەوانەبوونی ئەو شەڕەی دەرچوواندووە تا ببێتە هۆی ئیمکانی گێڕانەوەی لەشکری کورد بۆ ڕەواندوز و کردنەوەی دەرگەیێکی ئاشتی و ڕێککەوتن. بەپێی بیستن و لێکدانەوەی خۆم دوو بەڵگەی گەورە پشتگیری ئەو ڕیوایەتە دەکەن[٢].

هاوکات لەگەڵ ئەو قسانە، مەسعوود محەممەد دەشڵێ: هیچ گومانی تێدانییە فەتواکەی خەتێ، ئەگەر بەرژەمەندی میر بووبێ یا نا، بۆ ڕەشە خەڵکەکە فێنکاییەک بوو لەسەر دڵیان نیشت، چونکە ڕێی خوێن ڕشتنیانی گرت نامووس و سەرمایەیانی پاراست ئەگەر تۆش ئەی خوێنەر، یەکێ بوویتایە لە دانیشتووانی ئەو سەردەمی ڕەواندوز هەمان ئاواتی ئەوانت دەخواست[٣].

---

[١] محەممەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدولرەحمانە، لە ساڵی (١٧٨٥) لەگوندی خەتێ لە خۆشناوەتی لە دۆڵی بالیسان لەدایک بووە، لەلای خەڵکی زیاتر بە مەلای خەتێ و لەناو زانایانیش بە (محمد الخطي الافندي) ناسراوە. و لەماوەی ژیانیدا چەند کتێبێکی نووسیوە. مەلای خەتێ لەسەردەمی پاشای کۆرە، فتوادەری ئایینی میرنشینەکە بووە، تاکوو ڕووخانی میرنشینەکە. ناوبراو لە ساڵی (١٨٦٠) گیانی بە خاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حەیدەر عەبدوڵڵا: غەدرێکی مێژوویی فەتواکەی مەلای خەتێ لەدیدی "مەسعوود محەممەد"وە، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٢،١٣.

[٢] میرمحەممەد-پاشای کۆرە: تاکوو ئێستا، مێژوونووسان لەسەر ساڵی لەدایک بوونی پاشای کۆرە کۆک نین. بەڵام زیاتر قسە لەسەر ساڵی ١٧٧٥ یاخوود ١٧٨٤ دەکرێ، کە لە ڕەواندوز لە دایک بووە، لە گوندی دێڵێ لە ناوچەی باڵەک خوێندویەتی، لەدوای ماوەیەک بووە بە میری میرنشینی سۆران، تاکوو ساڵی (١٨٣٦). لەدوای ساڵێک و لە ساڵی (١٩٣٧)، لەلایەن عوسمانییەکانەوە کوژرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جمال نبز: الامير الكردي-مير محمد الرواندزي، و: فخري شمس الدين، چ٢، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٤٩، ٢٣٦، ٢٤٣.

[٣] کاوس قەفتان: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی میرنشینی بابان، سۆران، بۆتان، چ٢، بڵاوکراوەی کتێبخانەی ژیان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٦٨.

[٤] شەرەفخانی بدلیسی: شەرەفنامە، و:مامۆستا هەژار، بڵاوکراوەی پەخشانگای پانیز، چ٦، سنە، ٢٠١٣، ل ٣٥١. ل ٣٥١.

[١] حوسێن حوزنی موکریانی: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب٢، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ٦٣.

[٢] شەرەفخانی بدلیسی: س.پ، ل ٣٥١.

[٣] حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، و:حەکیم کاکەوەیس، بڵاوکراوەی سایتی مامۆستا، چاپ نەکراو، ل ٤٣.

[٤] حوسێن حوزنی موکریانی، لە ساڵی (١٨٩٣)، لە شاری مهاباد هاتوتە ژیانەوە، موکریانی یەکێک بووە لەو کەسانەی کە بەرهەم گەلێکی سەبارەت بە کورد و کوردستان هەیە و بە یەکەم کەسیش دادەنرێ کە چەندین بەرهەمی لەسەر کورد و کوردستان هەیە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٥) بۆ (١٩٤٧)،هەژدە پەرتوکی چاپکراوە. لە تەمەنێکی کەمی ژیاندا ژمارەیەکی زۆری وڵاتان دەگەڕێ و هەموو کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی و ئێرانی گەڕاوە. لەدواتردا لە ساڵی (١٩١٥) لە حەڵەب لەڕێگەی چاپخانەیەکی بچووکەوە، هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەدەب و مێژووی کوردی داوە. لەدواتردا و لە ساڵی (١٩٢٥) هاتوتە ڕەواندوز و چاپخانەی زاری کرمانجی دامەزراندووە. ناوبراو لە ساڵی (١٩٤٣) لە ڕەواندوز دورخراوەتەوە و ڕۆیشتووە بۆ بەغداد تاکوو مردنی لە ساڵی (١٩٤٧) لە پاشان جەستەیان هێنایەوە هەولێر و لە گۆرستانی ئیمان محەممەد، ئەسپەردەکرا. زانیاری زیاتر بڕوانە: مەلا سامان هەڵەبجە: گوڵستان "ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد"، چاپخانەی هێڤی، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژاری موکریان، هەڵەبجە، ٢٠١٤، ل ٢٨٨، ٢٨٩.

[٥] حەیدەر عەبدوڵڵا: غەدرێکی مێژوویی فەتواکەی مەلای خەتێ لەدیدی "مەسعوود محەممەد"وە، ب.ش.چ، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٤٨

[١] مەسعوود محەممەد: حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، و:حەکیم کاکەوەیس، بڵاوکراوەی سایتی مامۆستا، چاپ نەکراو، ل ٥.

[٢] حاجی قادری کۆیی، ب٢، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٧٠.

[٣] لە پەرۆشیەکانی ژیان، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٠٦.

[٤] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧١.

[٥] حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ٣٦، ٣٧.

[٦] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧١.

[١] حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ١٥.

[٢] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧٢.

[١] حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ٨.

[٣] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧٠.

[٤] مەسعوود محەممەد: لە پەرۆشیەکانی ژیان، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٠٧.

[١] مەسعوود محەممەد: هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، ب.ش.چ، ٢٠١٤. ل ١١٣.

[٢] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧١.

[٣] حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ٤٠.